# زیرەك میرە پەیکەری «کولتوور و خۆشەویستی» دروست دەکات



■ ئا: سیروان عەباس

هونەرمەندی پەیکەرتاش زیرەک میرە، سەرقاڵی دروستکردنی پەیکەرێکە بە ناوی «کولتوور و خۆشەویستی» لە ستیل کە وەک خۆی دەڵێت یەکەم پەیکەرە لە کوردستان بە ماددەی ستیل دروست بکرێ.


زیرەک میرە بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند، پەیکەری کولتوور و خۆشەویستی باس لە کاریگەرییە نەرێنییەکان و ڕەنگدانەوەی کولتوور دەکات لەسەر خۆشەویستی. بەرزیی پەیکەرەکە نۆ مەتر دەبێ و 90%ی کارەکانی تەواو بووە.

میرە دەڵێت: «شارەوانیی سلێمانیی شوێنێکی لەسەر شەقامی 60 مەتری بۆ پەیکەرەکە دابین کردووە. سپۆنسەری کارەکەش ڕەنج محەممەدە».

زیرەک میرە ساڵی 1980 لەدایکبووە، تاوەکو ئێستا 10 پەیکەری گەورەی دروستکردووە کە بەناوبانگترینیان ئەو پەیکەرە بوو لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە شوێنی پەیکەرەکەی سەدام لە بەغدا دانرا. هەروەها پەیکەری بەرخودان کە لە ساڵی 2016 بۆ کۆبانێی ڕۆژئاوای کوردستانی دروستکرد و پاش پاککردنەوەی شارەکە لە داعش، لە گۆڕەپانێکی سەرەکیدا دانرا.

جگە لەوەش پەیکەری «پەی کەر»ی لە سلێمانی دانا کە پەیکەری کەرێک بوو بە چاکەت و بۆینباخەوە. کارەکانی میرە بووەتە جێی سەرنجی ئەرمەنییەکان.

وەزارەتی جینۆسایدی ئەرمینیا بانگهێشتی کردووە بۆ دروستکردنی پەیکەرێکی هاوبەش بۆ قوربانیانی جینۆسایدی کورد و ئەرمەن.




# «دواهەمین هەناری دونیا»ی بەختیار عەلی بە کرمانجی

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

ڕۆمانی دواهەمین هەناری دونیا کە یەکێکە لە ڕۆمانە هەرە بەناوبانگەکانی ڕۆماننووسی کورد بەختیار عەلی، بە شێوەزاری کرمانجی و تیپی لاتینی لە ئیستانبوڵ لەلایەن چاپخانەی ئاڤێستا چاپ و بڵاوکرایەوە.

بەسام مستەفا کە ڕۆمانەکەی بەختیاری لە شێوەزاری سۆرانییەوە کردووەتە کرمانجی، بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: «ڕۆمانی دواهەمین هەناری دونیا کە لە 352 لاپەڕە پێکهاتووە، ماوەیەک لەمەوبەر لە شێوەزاری سۆرانییەوە کردم بە کرمانجی».

بەسام مستەفا پێش ئەو ڕۆمانە، سێ ڕۆمانی دیکەی بەختیاری کردوون بە کرمانجی، ئەوانیش ئێوارەی پەروانە و جەمشید خانی مامم و کۆشکی باڵندە غەمگینەکانە کە یەکەم و دووەمیان بۆ جاری دووەم چاپکراونەتەوە.

بەسام مستەفا دەڵێت کە لە بەرنامەیدایە سەرجەم بەرهەمەکانی بەختیار عەلی بکاتە کرمانجی، چونکە بە گوتەی خۆی لەنێو ئەو خوێنەرانەی بە کرمانجی دەنووسن و دەئاخڤن، پێشوازییەکی گەرم لە بەرهەمەکانی بەختیار عەلی دەکرێ و شوێنی خۆیان لە نێو لیستی ئەو کتێبانەدا گرتووە کە بە کرمانجی نووسراون و پڕفرۆشترینن.

بەختیار عەلی لەبارەی ڕۆمانی دواهەمین هەناری دونیا لە هەڤپەیڤینێکی ڕۆژنامەڤانیدا گوتبووی «ئەگەر بمرم و بهێڵن کتێبێک لەگەڵ خۆم ببمە ئەو دونیا، ئەوە بێگومان لە نێو هەموو بەرهەمەکانمدا دواهەمین هەناری دونیا لەگەڵ خۆم دەبەم».

ئەم ڕۆمانە کە پێشتر وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی، ماوەیەک لەمەوبەر وەرگێڕدرایە سەر زمانی ئەڵمانیش.

وا بڕیارە وەرگێڕی کورد عەبدوڵڵا شێخۆ کە خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانە، هەمان ڕۆمان بکاتە عەرەبی.





بەختیار عەلی:

ئەگەر بهێڵن،
دواهەمین هەناری
دونیا لەگەڵ
خۆم دەبەمە
ئەو دونیا

# ڕۆمانێك لەبارەی جووەكانی كوردستان چاپ دەكرێ

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

"شیری مووسا" نوێترین ڕۆمانی سابیر ڕەشید، نووسەر و ڕۆماننووسە و بڕیارە بەمنزیکانە بکەوێتەوە بازاڕەوە.

سابیر ڕەشید بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ڕۆمانەکە چوار بەشی سەرەکی لەخۆدەگرێت و لە هەر بەشێکیش بەشی دیکە هەیە. ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد، تێمای سەرەکیی ڕۆمانەکە بریتییە لە ژیانی جووەکانی کوردستان و عێراق، ڕووداوەکان لە نێوان شاری هەولێر، سلێمانی، کەرکووک و شارۆچکەکانی کۆیە و شەقڵاوە دەخولێنەوە. زەمەنی ڕۆمانەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی 1947 تاوەکو 1951، بەڵام کاتەکان بە فلاشباک و گێڕانەوە درێژ دەبنەوە، هەر لە ساڵی 1974ەوە تاوەکو ئێستا. ڕۆمانەکە کە لە 192 لاپەڕە پێکدێ، بەمزووانە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر چاپ و بڵاودەکرێتەوە.

سابیر ڕەشید، لە 1957 لە شارۆچکەی شەقڵاوە لەدایکبووە، ساڵی 1981 کۆلێژی یاسا و ڕامیاریی زانکۆی بەغدای تەواو کردووە. لەساڵی 1981ەوە دەستی بە نووسین کردووە.


سەرنووسەری گۆڤاری "مەم" و دەستەی نووسەرانی گۆڤاری "دەنگارە" بوو کە لە شەقڵاوە دەردەچوون، هەروەها بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری "هەرێمی کوردستان" و دەستەی نووسەرانی "نووسەری نوێ" بووە.

تاوەکو ئێستا 15 کتێبی لە بوارەکانی لێکۆڵینەوە و ڕەخنە بە چاپ گەیاندووە، چەندین کتێبی ئامادەیە بۆ چاپ لە ژانرەکانی ڕۆمان، چیرۆک و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی.

# میلان کۆندێرا، کاتێک میتۆد دەبێ بە دژی خۆ

فەرۆخ نیعمەتپوور





هەر نووسەرێک لە ژیانیدا خاوەنی جۆری تێڕوانینی تایبەت بە خۆیەتی سەبارەت بە "بوون" و بە مرۆڤ بەگشتی. ئەڵبەت تایبەتبوونی ئەم تێڕوانینە کە بەگشتی دەتوانین بە ئایدیۆلۆژیای نووسەر پێناسەی بکەین، بە جۆرێک لە جۆرەکان واتە ناڕاستەوخۆ یاخود ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەریی بیرمەندێکی گەورە لە بواری فەلسەفە و سۆسیۆلۆژیادایە.
میلان

..........

بۆ ناسین و ئاشنابوون بە هەر نووسەرێک، باشترین کار خوێندنەوەی هەموو بەرهەمەکانیەتی، هەروەها لەپاڵیدا بەسەرکردنەوەی ژیان و بەسەرهاتەکانی. بەڵام لە ژیانی هەر مرۆڤێکدا هەندێک ڕووداو یاخود ڕستە هەن کە دەکرێ بە جۆرێک لە جۆرەکان کاکڵ و هەوێنی کەسایەتی یاخود ئایدیۆلۆژیای نووسەر بن و دەریبخەن. نموونە لەم جۆرە کەسانە زۆرە. میلان کۆندێرا یەکێک لەو کەسانەیە.

کۆندێرا سەبارەت بە ڕۆمان و مرۆڤ و پەیوەندیی نێوانیان بۆچوونێکی لە چەند ڕستەیەکدا هەیە کە بە ڕای من کاکڵی ڕوانگەی ئەو سەبارەت بە مرۆڤ و بە ڕۆمان و بە پەیوەندیی نێوان ئەم دووانە بە جوانی دەردەخات. ئەو دەڵێ: "بنەمای ڕۆمان لەسەر ئەو ڕوانگەیە چێ بووە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی ڕێژەیی و ناسەقامگیرە (هەردەم لەسەر هەوایەکە)، بە جۆرێک کە ناکرێ لەگەڵ جیهانێکی تۆتالیتاردا ڕێکی بخەی".

وەک لەم بۆچوونەدا دەردەکەوێ، میلان کۆندێرا ڕێژەگەرایە، کە دەکرێ ئەم ڕێژەگەراییە یاخود ئاسەوارەکانی لە بەشە جۆربەجۆرەکاندا بەم شێوەیە لێکبدەینەوە:

لە بەشی ئیپستمولۆژیادا واتە ناسینناسی:

- هیچ حەقیقەتێکی موتڵەق بوونی نییە.
- حەقیقەتەکان ڕێژەیین.
- هەر حەقیقەتێک دەتوانێ لە چوارچێوەی خۆیدا ڕاست بێت.
- هیچ حەقیقەتێک ناتوانێ لە حەقیقەتی تر ڕاستتر بێت.

لە بەشی مۆراڵ واتە ئەخلاقدا:

- ئەخلاق ڕێژەییە.
- جۆرەها ئەخلاق هەیە و هەر کامیان دەکرێ لە چوارچێوەی خۆیاندا خاوەن حەقیقەت بن.
- هیچ ئەخلاقێک سەبارەت بەوی دیکە لە ئاستێکی بەرزتردا نییە.

لە چوارچێوەی ستاتیکا واتە جوانیناسیدا کە پەیوەندی بە هونەر و ئەدەبیاتەوە هەیە:

- هیچ چوارچێوەیەکی موتڵەق و ئەبەدی بۆ هونەر بوونی نییە.
- چونکە بەشەر ڕێژەییە، کەواتە دەکرێ جۆرەها فۆرمی ئەدەبی و هونەری هەبن.
- تۆتالیتاریزمی هونەری کە لە وڵاتانی سۆسیالیستیی کۆندا دەسەپێنرا، دژی حەقیقەتی ڕێژەییبوونی مرۆڤن، هەر بۆیە خۆی لە خۆیدا پارادۆکساڵە.

تا ئەو جێگایەی بۆ دیدی ڕێژەگەرایانە دەگەڕێتەوە، ئەم ڕوانگەیە وەک دیدی موتڵەقگەرایانە خاوەن خاڵی بەهێز و لاوازی خۆیەتی. لەم وتارەدا کارمان بەم بەشانە نییە، بەڵام لە دوو ڕوانگەی ترەوە هەوڵ دەدەین لەم ڕوانگەیەی کۆندێرا نزیک بکەوینەوە و بیدەینە بەر سەرنج:

یەکەم: میتۆد. بە گوێرەی بۆچوونی میلان کۆندێرا، مرۆڤ بوونێکی ڕێژەیی و ناسەقامگیرە و ئەم پێناسەیە گشتگیرە، واتە بۆ هەموو مرۆڤەکانە. ئێستا پرسیار ئەوەیە کە داخۆ ئەم پێناسەیەی کۆندێرا بۆ مرۆڤ، خۆی لە خۆیدا پێناسەیەکی تۆتالیتار نییە؟ (وەک چۆن لە جیهانی سۆسیالیستیی کۆندا هەوڵ دەدرا یەک تاکە پێناسە بۆ مرۆڤ چێبکەن) ئەگەر پێناسەی تۆتالیتاریستی و موتڵەقگەرایانە ئەوە بێت کە دەیەوێ یەک حەقیقەت بەسەر هەموو مرۆڤەکاندا بسەپێنێ و جێگا بۆ ڕوانگەکانی دیکە نەهێڵێتەوە، ئایا ئەم بۆچوونەی میلان خۆی بە جۆرێک لە قەرەی تۆتالیتاریزم نادا؟ ئەوەی کە بڵێین: "مرۆڤ بوونەوەرێکی ڕێژەیی و ناسەقامگیرە" لەڕاستیدا خۆی لە خۆیدا سەپاندنی یەک پێناسەی موتڵەقە بەسەر هەموو مرۆڤەکاندا.

دووەم: ئەنجام و ئاکامی ئەم بۆچوونەیە. کۆندێرا بەم بۆچوونەی خۆی ڕێگا لەو بەرهەمانە دەگرێ کە لەم بۆچوونەی ئەوەوە بۆ نووسینی ڕۆمان حەرەکەت ناکەن. واتە ئەو ئەم بۆچوونەی خۆی دەکا بە بنەمای لێکدانەوەی ڕۆمان و ئیدی ئەو ڕۆمانانەی بنەمایان لەم بۆچوونەدا نییە، لە ڕاستیدا نابنە ڕۆمان و ڕۆمان نین، یاخود دەبن بە بەرهەمی ڕۆمانئاسا (شبهە رمان). میلان کۆندێرا بەم شێوەیە ڕێگا لەو بەرهەمانە دەگرێ کە لە ڕوانگەیەکی موتڵەقگەرایانەوە دەتوانن تیشکی تر بخەنە سەر کەسایەتی و دەروونی مرۆڤ و بەم شێوەیە بێبەریمان دەکا لە پلۆرالیزمی نووسین و ڕوانگە لە هونەردا.

# مارگرێت میشێل، لەگەڵ (با) دا هاتە ناو مێژوو!

نووری بێخاڵی



## قوربانیی ڕێگا!

ژنە نووسەر و ڕۆماننووسی ئەمریکی (مارگرێت میشێل) ساڵی 1900 لە شاری ئەتلانتای ئەمریکا، لە دایکێکی بە ڕەچەڵەک ئێرلەندی و باوکێکی بە ڕەچەڵەک سکۆتلەندی، لەدایکبووە. ساڵی 1919 بەهۆی نەخۆشیی ئەنفلەوەنزا، دایکی کۆچی دوایی دەکات، بەمەش ئەرکی ماڵداری و چاودێریکردنی باوکی دەکەوێتە ئەستۆ و بۆ دابینکردنی سەرچاوەی بژێوی، ناچار دەبێت پشت بە خۆی ببەستێ. لەوەشدا (جۆن مارش)ی ڕۆژنامەنووس کە دوای جیابوونەوەی مارگرێت لە هاوسەری یەکەمی (بێرین ئابشۆ)، هاوسەرگیریی لەگەڵدا کرد، دەرفەتی کاری لە ڕۆژنامەی (ئەتلانتا) بە مووچەی هەفتانەی 25 دۆلار بۆ ڕەخساند. پاشان بەهۆی نەخۆشییەکی درێژخایەنەوە، دەستبەرداری کاری ڕۆژنامەنووسی بوو.

میشێل لە ڕۆژگاری جەنگی دووەمی جیهانیدا وەکو خۆبەخش لە ڕیزی خاچی سووری ئەمریکی دەستبەکار بوو، لەگەڵ تیمەکەیدا ئەرکی سەرەکی لەو کارە خۆبەخشییەدا، گەیاندنی کۆمەکی خواردن و پێداویستیی پزیشکی بوو. لە 16ی ئابی 1949 و بۆ جاری دووەم، تووشی ڕووداوێکی هاتوچۆ بوو، دوای پێنج ڕۆژ مانەوەی لە نەخۆشخانە، بە هۆی سەختیی برینەکانی، گیانی سپارد و لە گۆڕستانی ئۆکلاند لە ئەتلانتا، بەخاک سپێردرا.

## لە ڕۆژنامەنووسییەوە بۆ ڕۆماننووسی

مارگرێت میشێل لە تەمەنی 21 ساڵیدا وەک هەواڵنێر لە ڕۆژنامەی ئەتلانتا دەستی بە کار کرد و لە تەک هەواڵنێریشدا، گۆشە و وتاری بۆ ڕۆژنامەکە دەنووسی، تا ساڵی 1925 بە یەکجاری وازی لە کاری ڕۆژنامەنووسی هێنا.

بەهۆی ڕووداوێکی هاتوچۆوە کە وای لێکرد سێ ساڵ لە ماڵەوە لەسەر جێ بمێنێتەوە، خووی دایە خوێندنەوە. دەگوترێ هاوسەرەکەی کتێبی کتێبخانەکانی شارەکەیان نەما بۆی نەهێنێتە ماڵەوە، تا بیانخوێنێتەوە. میشێل ئەو ماوەیەی قۆستەوە بۆ نووسینی ڕۆمانێک و هەموو کاتی خۆی بۆ ئەو خەونەی تەرخان کرد، خەونی نووسینی ڕۆمانێک لەبارەی جەنگ و کارەساتەکانی. دواجار کۆتایی بە یەکەم و دوا ڕۆمانی خۆی هێنا، ئەو ڕۆمانەی وەک شاکار و داهێنانێکی جیهانی ناوبانگی دەرکرد و ناوی نا (لەگەڵ با دا ڕۆیشت).

## تەنیایی وەک هەوێنی داهێنان

لەناو خێزانی میشێلدا دەیان جەنگاوەر هەبوون کە بەشداریی جەنگی ناوخۆی ئەمریکایان کردبوو، بۆیە هەر لە منداڵییەوە شەیدای بیستنی چیرۆکەکانی جەنگ بوو، ئەو چیرۆکانەی باوانی و کەسە نزیکەکانی بۆیان دەگێڕایەوە.

دوای پەککەوتنی و مانەوەی بەردەوامی لە ماڵەوە، بە مەبەستی نووسینەوە و گێڕانەوەی ئەو چیرۆکانە لە چوارچێوەیەکی ئەدەبیدا، بناغەی پڕۆژەی نووسینی ڕۆمانێکی بۆ خۆی داڕشت. ڕۆمانێک کە تیایدا ڕووداوەکانی شەڕی ناوخۆیی ئەمریکا بە هەموو وردەکارییەکانیەوە بگێڕێتەوە.

بۆ ئەمەش هەم پێویستی بە خوێندنەوەی زۆر، هەمیش بە کاتێکی زۆرتر هەبوو، بۆیە خووی دایە خوێندنەوەی کتێب. سەرقاڵبوونی بە خوێندنەوەی دەیان کتێبی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و دەروونی، بۆی بووە دەروازە و دەریچەیەک، تا لە ڕێگایەوە توانی خۆی لە کەشی ژیانی بێزاری و شەکەتی دەرباز بکات و کەمتر هەست بە ئازار و ژانەکانی نەخۆشییەکەی بکات و بەهۆیەوە، خۆی و ئازار و بێهوودەییەکانی لەبیربچنەوە. میشێل لە ماوەی شەش ساڵدا (1930 – 1936) نووسینی بەشەکانی ڕۆمانەکەی تەواو کرد. لە میانی کارەکتەرەکانەوە ڕووداوەکانی جەنگی ناوخۆی ئەمریکای دەنووسیەوە، بەمەش ناچار دەبوو ڕووداوەکان بەدوای یەکدا و وەک ڕیزبەندی نەگێڕێتەوە، هەر بەشێکی کە دەینووسی، بەهۆی تێکەڵاویی ڕووداو و شوێنکات و کاراکتەرەکانیەوە، جارێکی دیکە و سەرلەنوێ دەگەڕایەوە سەری و پاکنووسی دەکرد و ڕێکیدەخستەوە، تا دواجار ئەو ڕۆمانە نەمرەی لێ دەرچوو.

مارگرێت پێشبینی ئەو کاردانەوە و پێشوازییە گەورەیەی لە بڵاوکردنەوەی ڕۆمانەکەی نەدەکرد، وەلێ ڕۆمانەکە وەک ناوی خۆی (لەگەڵ با دا ڕۆیشت)، تەنانەت خێرا و بە گوڕتر، چەشنی گەردەلوول و باهۆز، نێوەندی ئەدەبیی شڵەژاند و چاپ و بڵاوکردنەوەی بووە ڕووداوێکی ئەدەبیی گرنگ، تا ئەو ئاستەی ئەمریکییەکان وەک بەناوبانگترین ڕۆمانی ناو مێژووی ئەدەبی وڵاتی خۆیان لە سەدەی بیستەمدا دەینرخێنن، بە جۆرێک، چاپی یەکەمی لە ماوەی شەش مانگی بڵاوبوونەوەیدا، یەک ملیۆن دانەی لێ فرۆشرا.

میشێل بەهۆی ئەم ڕۆمانەیەوە کە بەهۆی ناوەڕۆکە مرۆییەکەی، تەواوی دونیای سەرسام کرد، ساڵی 1937 خەڵاتی پۆلیتزێری وەرگرت. ڕۆمانەکە هەر بە هەمان ناونیشان، ساڵی 1939 کرایە فیلمێکی سینەمایی و لە مێژووی هۆلیوددا، زۆرترین داهات و قازانجی کۆکردەوە.

## پەرجووی نەمری، یان جادووی جاویدانی!

مارگرێت میشێل، ژیانی لەنێوان دوو ڕووداوی هاتوچۆدا سەرەوژێر بوو. لە نێوانی هەردوو ڕووداودا جاویدانی و نەمریی بۆ خۆی نووسییەوە و بۆ هەمیشە چووە ناو یادەوەریی مرۆڤایەتی و ناو مێژوو. ئەو کە بەهۆی ڕووداوی یەکەمەوە پەکی کەوت و سێ ساڵ لە جێگادا کەوت، بەهۆی ڕووداوی دووەمیانەوە کۆچی دوایی کرد، لە نێوانی ئەم دوو ڕووداوەدا، وەک (با) هات و شوێنپەنجەی خۆی بەسەر هەموو ئەدەبیاتی مرۆڤایەتییەوە بەجێهێشت. نەخۆشکەوتن و بەهۆیەوە مانەوە لە ماڵەوە، بواری ئەوەی پێدا سەر بکاتە خوێندنەوە. لەم ڕووەوە هاوسەرەکەی کە بەردەوام کتێبی بۆ دەهێنایەوە، هاوکارێکی باشی بوو. جارێک کە کۆمەڵێک کتێبی بۆ دێنێتەوە، بە پێکەنینەوە پێی دەڵێ: "ئەوە دوا کۆمەڵە کتێبە، ئیدی کتێبێک لە کتێبخانەکاندا نەماوە نەتخوێندبێتەوە، کەواتە بۆچی هەر بۆ خۆت کتێبێک نانووسیت؟". هاوسەرەکەی هیچ خەیاڵی بۆ ئەوە نەدەچوو کە ئەو پرسیارە گاڵتەئامێزە مارگرێت هانبدات بۆ نووسینی شاکاری (لەگەڵ با دا ڕۆیشت).

ڕۆمانەکە جگە لەوەی کراوەتە فیلمی سینەمایی، وەرگێڕدراوەتە سەر زیاتر لە (30) زمانیش، لە یەکەم ڕۆژدا کە کەوتە بازاڕ، زیاتر لە پەنجا هەزار دانەی لێ فرۆشرا. دوای تێپەڕبوونی چارەگە سەدەیەکیش بەسەر نووسینی ڕۆمانەکەدا، حکومەتی ئەمریکا وەک ڕێزلێنانێک لە نووسەرەکەی، هەروەها وەک شانازیی مێژوو و یادگاریی وڵاتەکەی، چاپی کردەوە.

## کارەساتەکانی جەنگ و تراژیدیاکانی خۆشەویستی

ڕۆمانی (لەگەڵ با دا ڕۆیشت)، گێڕانەوەی تراژیدیایەکە کە لە ئەنجامی شەڕی ناوخۆی ئەمریکا لە نێوان باکوور و باشووری وڵات، بەهۆی سیاسەتی ڕەگەزپەرستییەوە، ڕووبەڕووی باشووری ئەمریکا بووەوە. شەڕی نێوان ئەو ویلایەتانەی پشتگیریی مانەوەی سیستەمی کۆیلایەتییان دەکرد، لەگەڵ ئەوانەی بە سەرکردایەتیی ئەبراهام لینکۆڵن، دژی کۆیلایەتی بوون. لەماوەی نێوان (1861 – 1865)دا و بەهۆی ئەو جەنگەوە دەیان هەزار مرۆڤ بوونە قوربانی و زۆربەی ناوچەکانیش وێران و خاپوور بوون، تەنانەت شار هەبوو بە تەواوی سووتێنرا.

سکارلێت ئۆهارای شۆخ و شەنگ کە دایکی فەڕەنسی و باوکی ئێرلەندییە، لەگەڵ هاوسەری سێیەمیدا (ریت بتلەر)، دوو کاراکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکەن. ڕۆمانەکە ڕووداوەکانی دوازدە ساڵ تەمەن و ئەزموونی (سکارلێت ئۆهارا) دەگێڕێتەوە. سکارلێت کەسایەتیی سەرەکیی ڕۆمانەکەیە و تەواوی ڕووداوەکانیش لە دەوری ئەو دەسووڕێنەوە. دەسپێکی چیرۆکەکە دەگەڕێتەوە بۆ پێش ڕوودانی جەنگ، ئەو کاتەی تەمەنی شازدە ساڵانە. کچە گەنجێکی قەشەنگ، نازاندە، توندمیزاج، خۆپەرست، خاوەن خەون و ئیرادە، لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی (خێزانێکی ئەرستۆکراسیی باشوور) و چەند خزمەتکار و کۆیلەیەکدا لەناو خانوویەکی مەزن دەژین کە لەناو کێڵگەیەکدایە. سکارلێت پەیوەندییەکی ئەڤینداری، تا ڕاددەی سەرسامی و هۆگربوونی لەگەڵ گەنجێکدا هەیە بەناوی (ئاشلی ویکس) کە ئەویش لە خێزانێکی ئەرستۆکراتە، وەلێ دواتر کوڕە لەگەڵ کچێکی دیکەدا هاوسەرگیری دەکات. بۆیە وەک پەرچەکردارێک، سکارلێت شوو بە کوڕێک دەکات کە خوشکی (ئاشلی) دڵی پێیەوە بووە. دواتر بە هۆی ئازار و کاریگەرییەکانی برینێک کە بەهۆی جەنگەوە کەوتبووە جەستەی، کوڕەکە دەمرێ. دوای ئەوە سکارلێت شوو بە کوڕێکی دیکە دەکات کە خوشکە بچووکەکەی خۆی دڵی پێیەوە بووە، تا ئەو کاتەی دەکەوێتە داوی خۆشەویستی کابتن (ریت بتلەر)، ئەو پیاوەی خواردن و پێداویستی دەفرۆشتە کۆنفیدراڵییەکان.

بتلەر لە خێزانێکی ناودار بوو، بەڵام بەهۆی کارە ناچیزەکانییەوە وەک کەسێکی بەد ناسرابوو. لە باری سروشت و ڕەفتارەوە، زۆر لە سکارلێت دەچوو، تەنانەت بۆ خۆیشی زۆر باش ئاشنای کەسایەتیی سکارلێت بوو. دوای ئەوەی یانکییەکان دەست بەسەر گوندەکەیاندا دەگرن، باجێکی زۆر بەسەر خەڵکەکەیدا دەسەپێنن، تا ئەو ئاستەی خەڵکی گوند هیچ سەرمایە و دەستمایەیەکیان نامێنێ. ئەم دۆخە وا لە سکارلێت دەکات بچێتە زیندان و داوا لە خۆشەویستەکەی بکات پارەی بداتێ بۆ ئەوەی بتوانێ باج بدات (چونکە ئەودەم بتلەر بەند کرابوو)، ئەویش پارەکەی دەداتێ. بتلەر هێشتا هەر لە زیندانە کە سکارلێت شوو بە دەوڵەمەندێک دەکات، ئیدی وەک خاوەن کارێک، خەریکی کڕینی کۆگا و کارگە و سەرقاڵی کار و بازرگانی دەبێت. زۆر نابا و بەهۆی ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان یانکییەکان و یاخیبووان لەناو گوندەکەدا، هاوسەرەکەی دەکوژرێ، دووبارە بە تەنیا دەمێنێتەوە. دواجار دڵی بتلەری کۆنە خۆشەویستەکەی داگیر دەکاتەوە و هاوسەرگیریی دەکەن، بەرهەمی ئەو هاوسەرگیرییەیان کچێک دەبێت، بەڵام مردنی کچەکەیان بە ڕووداوێک و هەروەها دڵنیایی بتلەر لەوەی سکارلێت هێشتا خۆشەویستیی (ئاشلی) هەر لە دڵدا ماوە و پێیەوە پەیوەستە، دەبنە هۆکاری دووبارە جیابوونەوەیان.

ڕۆمانەکە جگە لە چیرۆکی تراژیدی، ڕووداوی دراماتیکی و دیمەن و گرتەی ئازاربەخشی جەنگ، هاوکات لە میانی کەسایەتیی کچێکەوە، وێنای سروشت و پێکهاتەی کەسێتیی کۆمەڵگاکەی، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی، مەیلی تۆڵەسەندنەوە و ویستی لەداوخستن، جێبەخۆنەگرتوویی و ڕاڕایی، هەلپەرستی و خودپەرستی و زۆر شتی دیکە دەکات. (لەگەڵ با دا ڕۆیشت)، ڕۆمانێکە زۆر بە قووڵی، وردەکارییە گرنگەکانی ژیانی کۆمەڵگای ئەوکاتی ئەمریکی بە گشتی و کۆمەڵگای ویلایەتی جۆرجیا بەتایبەتی لە سەردەمی جەنگی ناوخۆدا دەگێڕێتەوە، ڕۆمانێکە سەرڕێژ لە ڕووداوی کاریگەر و وروژێنەر کە بە زمانێک گێڕدراونەتەوە، خوێنەر ناچار دەکەن شوێنپێیان هەڵگرێ و دەستبەرداری خوێندنەوەیان نەبێ.





# بانگەشەکانی جاڕدانی مەرگی ڕۆمان

## ئایا مەراسیمی ئیمزاکردنی کتێب کۆتایی دێت؟

سەنگەر زراری



مانگی تەمموزی (2010)، ئاژانسی ئەندرۆ وایلی کە ئاژانسێکی گرنگی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەدەبیی ئەمەریکییە و نوێنەرایەتی زیاتر لە (700) نووسەر و میراتگری نووسەران دەکات و بەرهەمەکانیان بڵاودەکاتەوە، بۆندێکی کاری هاوبەشی ئەلیکترۆنی لەگەڵ ماڵپەڕی بازرگانی (ئەمازۆن دۆت کۆم) مۆر کرد، لەژێر ناونیشانی (چاپی ئۆدیسی)، بۆ ئەوەی کتێب بەشێوەی ئەلیکترۆنی و دوور لە کاغەز بڵاوبکەنەوە.

ئەوکات، ئەمە بە سەرەتای لەناوچوون و مەرگی کتێبی کاغەزی دانرا، ڕۆژنامەی ئیکۆنۆمیست نووسیبووی: "ئەو کتێبخانە کلاسیکیانەی لە چوارچێوەی دیوار و چیمەنتۆ دان، خەریکە بەخێرایی نامێنن و دەبنە مۆدێلێکی کۆن، ئەویش بەهۆی بڵاوبوونەوەی کتێبی ئەلیکترۆنیی هەرزان، -بەو توانا و سەرکەوتوویەی ئەمازۆن دۆت کۆم- گرنگیی پێدەدات، لەوانەیە هەر بەم شێوەیەش مەراسیمی ئیمزاکردنی کتێبەکان، کۆتاییان بێت".

ئەو دەنگۆ و بانگەشانەی لە دژی کتێبی کاغەزی هەبوون و جاڕی مەرگیان دەدا و (تا ئێستاش لێرە و لەوێ دەبیسترێن)، بە ڕێژەیەکی زۆر زیاتر لەبارەی ڕۆمانیش هەبوون، ئەویش لەبەر سێ هۆی سەرەکی:

یەکەم: ڕۆمان وەکو هەر کتێبێکی دیکەی کاغەزی، مەترسی لەناوچوونی لەسەرە، چونکە گوایە کتێبی کاغەزی نامێنێ و کتێبی ئەلیکترۆنی جێگەی دەگرێتەوە، لەمەشدا ڕۆمان بێبەش نابێت.

دووەم: بەهۆی خێرایی سەردەمەکان و کەمبوونەوەی کاتی مرۆڤ و پێڕانەگەیشتنی، واز لە ڕۆمان دێنێ کە بابەتێکی دوورودرێژە و کاتی زۆر لە مرۆڤ دەبات، ئەمەش لەگەڵ سروشتی مرۆڤی ئەم سەردەمە ناگونجێ کە بوونەوەرێکی خێرا و بەپەلەیە و کاتی زۆری بەدەستەوە نییە.

سێیەم: بابەتی سەرەکی ڕۆمان، خەیاڵە، ئەمەش لەگەڵ ئەم سەردەمە ناگونجێت، کە زیاتر سەردەمی ڕیالیستی و عەقڵانییەت و دوورکەوتنەوەیە لە خەیاڵ. بۆ نموونە لە یەکێک لە موحازەرەکانیدا، توێژەری فەرەنسی "ئیزابێل هۆسیر" گوتی: "لەوانەیە ئەم سەدەیە (مەبەست سەدەی بیستویەکە) مەرگی ڕۆمان بەخۆوە ببینێ کە یەکێکە لە گرنگترین ژانرە ئەدەبییەکان، ئەویش بەهۆی ئەوە دەبێت کە خەیاڵ لە بەرامبەر لایەنی عەقڵی و ڕیالیستی پاشەکشەی کردووە".

گوتیشی: "سەدەی حەڤدە گۆڕانکارییەکی گەورە لە شێوە و ناوەڕۆکی ڕۆماندا ڕوویدا، ڕۆمانە پاڵەوانێتییەکان پاشەکشەیان کرد و ڕۆمانی بچووکی سۆزداری جێگەیان گرتنەوە، هەروەها بنەماکانی ستاتیکا شوێنی خەیاڵیان گرتەوە، پاشان بە تێپەڕینی کات گۆڕانکاری دیکەی بەسەرداهات تا گەیشتە ئەم شێوازانەی ئەمڕۆ هەن".

زۆر نووسەری دیکەش بەهۆی بابەتی خەیاڵەوە، جاڕی مەرگی ڕۆمانیان داوە، نووسەری نەرویجی "دەیڤید شیلدس" لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی "برسێتی واقیع" دەنووسێت: "ڕۆمان وەکو شێوازێکی ئەدەبی دەمرێت، کەسایەتی ناو ڕۆمانەکان و گرێچنی ڕۆمانەکان دەمرن، ئەمڕۆ تەنیا ئەو نووسەرانە دەژین کە واز لە خەیاڵ دێنن".

جاڕدانی مەرگی ڕۆمان بەهۆی ئەوەی کە سەردەمی ئێستا سەردەمی عەقڵانییەت و واقیعیبوونە، ئەوکاتە بەتەواوی پووچەڵ دەبێتەوە کە دەگەڕێینەوە بۆ مێژووی سەرهەڵدانی ڕۆمانی نوێ. ڕۆماننووسی فەرەنسی بە بنەچە چیکی "میلان کۆندێرا" وای بۆ دەچێت کە ڕۆمان یەکێکە لە دەستکەوتەکانی ئەورووپا لەو کاتەی کە عەقڵانییەت باڵادەست بوو، ئەوکات مرۆڤ تەنیا لەوەدا کورتکرایەوە کە بوونەوەرێکی عەقڵانیی پوختە، تەنیا گرنگی بەو لایەنەی مرۆڤ دەدرا و لایەنە خەیاڵی و ڕۆحییەکەی فەرامۆش کرابوو، لەم سەروبەندەدا ڕۆمان وەکو بەرەنگاربوونەوەیەکی ئەو تەماشاکردنە تاکڕەهەندییە بۆ مرۆڤ، سەری هەڵدا و بە تایبەتیش لەسەردەستی "سێرڤانتیس"، کە ڕۆمانە بەناوبانگەکەی (دۆنکیشۆت)ی نووسی و لە ڕێگای دنیا خەیاڵییەکەیەوە، ڕووبەڕووی واقیعی کۆنکرێتی بووەوە.

کەواتە هەرسێ خاڵی سەرەکی کە بۆ نەمانی ڕۆمان دیاری کران، سەریان نەگرت، لێرەشدا پرسیار ئەوەیە: ئایا بانگەشەکردن بۆ مەرگی ڕۆمان، تەنیا هۆشداری و تەماشاکردنێکی ڕواڵەتیانەی واقیعی دنیای ئەدەبییە، یان بانگەشەیەکی ڕاستەقینە؟! خۆ پێشتر جگە لە باسی مەرگی ڕۆمان، باسی مەرگی نووسەر و مەرگی پاڵەوان و مەرگی گرێی ڕۆمان و هی دیکەش کراوە، بەڵام هیچێک لەوانە وا نەبوون، بەڵکو تەنیا وەکو بابەتی تیۆری و بابەتی ڕێژەیی و تەنانەت وەکو بابەتی ناواقیعی مانەوە.

یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکانی ژانری ڕۆمان، تراژیدیا و کارەساتە مرۆییەکانە، سەردەمی ئەمڕۆش پڕاوپڕە لە کارەسات و ماڵوێرانی و وا دەردەکەوێ کاری دڕندانەی مرۆڤ نەک نەبڕێتەوە، بەڵکو لە زیادبوونیشدا بێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا، ئەو مرۆڤانەی دەیانەوێ ئارام بژین و لە جەنجاڵییەکان دووربکەونەوە، پێویستیان بە دونیایەکی خەیاڵی هەیە، بۆ ئەوەی تۆزێک پشووی تێدا بدەن، کە دونیای ڕاستەقینەش ئەم دەرفەتەیان بۆ فەراهەم نەکات، ناچارن بەدوای دونیایەکی مەجازیدا بگەڕێن و بۆ ئەمەش ڕۆمان یەکێکە لەو دونیا باشانە، ڕۆمان بۆ ماوەیەک مرۆڤ ئاسوودە دەکات و لە قەرەباڵغییەکانی دوور دەخاتەوە.

بۆیە بە پێچەوانەی ئەم پێشبینیانە، دەبینین ئێستا ڕۆمان ئامادەگییەکی بەهێزی لە گۆڕەپانی ئەدەبیدا هەیە، دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە، بواری زیاتر بۆ چاپکردنی ڕۆمان دەڕەخسێنن، بەردەوامبوونی خەڵاتە جیهانییەکانی وەکو نۆبڵ و بووکەر و زیادبوونی ئەم جۆرە خەڵاتانە، بەتایبەت بۆ بواری ڕۆمان و ڕۆماننووسان، (ئەوە جگە لەو خەڵاتانەی لە ناوەخۆی هەر وڵاتێک بۆ ڕۆمان تەرخان دەکرێت)، ئەوە دەردەخەن کە ڕۆمان بەهیچ شێوەیەک گۆڕەپانی ئەدەبیاتی چۆڵ نەکردووە. ڕۆمان لەسەرەتای بەدیارکەوتنییەوە و تا ئێستا شێوەیەکی جێگیری نەبووە، بەڵکو بەردەوام لە گۆڕاندایە، واتا ژانرێکی گۆڕاوە، چ لەڕووی شێواز و تەکنیکی نووسینەوە و چ لەڕووی ناوەڕۆک و بابەت، بۆیەش لەوانەیە جۆرێک، یان چەند جۆر و شێوازێکی ڕۆمان بمرن و لەناوبچن، بەڵام دەیان جۆری دیکە لەدایک دەبن. هەروەها بەهۆی زۆریی ژمارەی ڕۆمان و زۆربوونی ڕۆماننووسان، دەشێ ڕۆمانی باش و خراپ بنووسرێن، بەڵام ئەوە ئاشکرایە کە ڕۆمانی داهێنەرانەش بەبەردەوامی سەرهەڵدەدەن و سەرنجی خوێنەران و توێژەرانی ئەدەبی ڕادەکێشن، مرۆڤ لە جەنجاڵییەکان دووردەخەنەوە و دەتوانن بە نەمریی بمێننەوە.

گەردوون هەر لە سەرەتاوە لەسەر بنەمای حیکایەت و گێڕانەوە دروست بووە، تا گەیشتووەتە ئەمڕۆ و ئەم شێوە پێشکەوتووەی گێڕانەوەی وەکو ڕۆمان و چیرۆکی هاوچەرخ، هەر لە چیرۆکی ئادەم و حەوا و دروستبوونی خەلیقەتەوە، تا دەگاتە چیرۆکە ئاینییەکان و چیرۆکە خەیاڵییە مرۆکردەکان، هیچ سەردەمێک نادۆزیتەوە کە مرۆڤ تیایدا بەبێ حیکایەت ژیابێت، کەواتە ئێستاش پێشبینیکردنی دونیایەکی لەم شێوەیە و دوور لە ڕۆمان و دونیای گێڕانەوە، مەحاڵە.

نووسەری بەناوبانگی نەمساوی "هێرمان بروخ" دەیگوت: تاکە هۆکاری هەبوونی ڕۆمان ئەوەیە، ئەو شتانە کەشف بکات کە تەنیا ڕۆمان دەتوانێ کەشفیان بکات و هیچ ژانرێکی دیکە ئەو توانایەی نییە، ئەو ڕۆمانەشی کە نەتوانێ کەشفی بەشێکی بوون بکات، بە نادیاری ماوەتەوە و ڕۆمانێکی نائەخلاقییە.

وەک دەبینین، بروخ، نەک تەنیا ئەوە دەردەخات کە ئەو کارەی بە ڕۆمان دەکرێت، بە هیچ ژانرێکی دیکە ناکرێت، بەڵکو پێیوایە نووسینی ڕۆمانی لاواز، کارێکی نائەخلاقییە، ئەمەش بە جۆرێک لە جۆرەکان، توندڕەویی لایەنگرانی ڕۆمان دەردەخات و ئەوە دەردەخات کە خوێنەرەکانی لەزیادبووندان.

کەواتە بە تەماشاکردنی دۆخەکە، بۆمان دەردەکەوێ باسکردنی مەرگی ڕۆمان، مەحاڵە و دوورە لە هەموو ئەو پێشبینیانەی بۆ دونیای ئەدەبیات دەکرێن.

**ژێدەر:**

**- موت الرواية- د. عبدالله ابراهيم، جريدة (الرياض)، (-10/1/2008 العدد (14444).**

**- نهاية الرواية و بداية السيرة الذاتية- دانيال منديلسون و اخرون، ترجمة و تعليق: حمد العيسى، دار العربية للعلوم ناشرون، ط1 (2011).**

**- هل نشهد قريبا موت الرواية العربية- خلود الفلاح، صحيفة (العرب)، -6/7/2015 العدد (9970).**

# دەروێشیان و ئەدەبی واقیعخواز

## زمانی ناکوردی و نووسەری کورد

عادل قادری



لە کولتووری ئێمەدا ئەوەندەی مەرگی نووسەرێک پەرۆش و پەشێومان دەکات، نیو ئەوەندە ژیانی نابێتە مایەی سەرنج و وردبوونەوەمان، ئەگەرچی خودی دیاردەیەکی ڕازاوی و سرۆک بەناوی "مەرگ" مەودای نێزیکبوونەوەیەکی ئەوتۆشمان ناداتێ تاکوو فامێکی واقیعی و ڕاستمان لێی هەبێت، ئەوەی کە بە نیسبەتی مەرگەوە هەیە تەنها کۆمەڵێک وێنا و تەسەور و خەیاڵکردنە کە کولتوور و ئایین و ئەدەب بەشێوەگەلی جۆراوجۆر بیچمیان پێ داوە، ئەگەرچی لە ڕوانگەیەکەوە ئەدەب و ئایینیش بە بەشێک لە "کولتوور" حسێب دەکرێن و هەر ئەمەشە وای کردووە بەو قەناعەتە بگەین کە داریوشی ئاشووری گوتەنی: "کولتوور لە مەرگیش بەهێزترە". کەواتە ئەوە کولتوور و جومگەکانێتی دیاری دەکات ئێمە چۆن لە مەرگ بڕوانین و چۆناوچۆن جومگە پێچەوانەکەی واتە ژیان بخوێنینەوە. هەمیشە ڕووداو و دیاردەی مەرگ شتێک لە حەپەسان و هەوڵەقبوون بۆ هەموو مرۆڤێکی زیندوو بەجێدێڵێت کە لە کاتی نغرۆبوون لەناو ژیاندا بەدەگمەن وەها شتێکی ئەزموون کردووە، وەک گوتم ئەمە بەندە بە ماهییەتی نەناسراوی و ڕازاویی مەرگەوە و هەروەها وابەستەی ئاست و کواڵیتی کولتووری ئێمەشە. شتێکی سەیر نییە کە ئانوسات دوای مردنی کەسێکی ئاسایی زۆربەی (ئەگەر نەڵێم هەمووی!) گێڕانەوەکان لەبارەی کەسی مردوو بەراوەژوو و پێچەوانە دەبنەوە، ئەم حاڵەتە بۆ نووسەرێک کە ژیانیشی هەڵگری چەشنێک لە ڕاز و ئاڵۆزییە، زۆرتر زەق و پێچەڵپێچ دەبێتەوە. نووسەر وەکوو بوونەوەرێک کە بەشێک لە سیحر و ڕازەکانی ژیانی گێڕاوەتەوە، لە کولتووری ئێمەدا خەرمانەیەکی ڕێز و ستایش (تۆ بڵێی تەمێک لە قودسییەت و پەرەستش!)ی بەدەوردا کێشراوە و ئەمەش پرسی "تابۆی مەرگ"مان بیر دەخاتەوە، واتە نووسەران بۆیە مەرگیان ڕووداوتر و ڕاچڵەکێنەرترە، چوون "نووسین" خۆی لەخۆیدا لەگەڵ کۆمەڵێک سیحر و جیهانی بقە و تابۆ دەستەویەخەیە. لە کاتی مەرگی نووسەرێکدا زۆر کەم ڕوودەدات کە داوەری و قسەکردنێکی بێ لایەنانە و دوور لە ستایش و ئینکار بێتە ئاراوە، چوون ژیانی لە باوەش مەرگدا گێڕاوەتەوە، واتە لە شێوەژیانی نووسەردا مەرگ و ژیان وەکوو دوو هاوزا و هاوڕێ بەردەوام لە تەنیشت یەکدا بووگن، نووسەر بۆیە گێڕاویەتییەوە و ژیانی نووسیوە، چوون بە پلە و ئاستێک لە وشیاریی مەرگ یان مەرگ-وشیاری گەیشتووە و هەوڵی داوە ئەمانە بکات بە وشە و وێنە و ئایدیۆم و بیرەوەری و پێکهات و ناوەڕۆکێک کە لە دواجاردا خەرمانە و تەمێکی ڕازاوی و تابۆئاسا و قودسی بەدەوریدا کێشاوە، لێرەدایە نووسەر لەگەڵ ژیان و مەرگی دەبێت بە یەک و وەکوو کۆیەک لە سێ جومگەی مرۆڤ، ژیان و مەرگ دەخوێنرێتەوە. بێگومان ساتەوەختی مەرگی نووسەرێک ساتەوەختێکی گرینگە، دەروازەیەکە بۆئەوەی ئێمە هەوڵ بدەین زۆرتر لەو مرۆڤە (نووسەر) و ژیانی ورد بینەوە.

ئەم حاڵەتە بۆ نووسەرانی کورد و ئاخێوەرانی زمانێک کە هەنووکە لە هەموو دونیا و لە چوارپارچەی وڵاتی خۆیاندا وەکوو کەمینە ئەژمار دەکرێن، هاوکێشەیەکی جیاوازتر و حاڵەتێکی غەریبترە. بێگومان ئەمە چارەنووسی نەخوازراوی گەل و زمانی بندەستە کە زمان و گەلی سەردەست وەکوو کەمینە قبووڵیان دەکات و هەموو بوون و مەرگ و ژیانیشیان بە پێوەری خۆی دیاری دەکات و دەیخوێنێتەوە، واتە کەمینە و زمانی کەمینە لە ڕێگەی زمان و دەسەڵاتی زۆرینەوە، مەرگ و ژیان و گێڕانەوەشیان دەستکاری دەکرێت. هەمووومان کاتی مردنی محەممەد قازیی وەرگێڕ و نووسەری کوردمان لەبیرە کە چۆناوچۆن مەرگەکەی لە ئاستی نووسەرێکی ناو بازنەی کەمینەکان ڕووماڵ کرا و بەڕێوە برا. ئەگەرچی قازی هەموو ژیانی بۆ زمان و ئەدەبی فارسی جووڵایەوە و وەریگێڕا و نووسی، بەدەر لەوەی کە قازی بۆ لە هەڵبژاردنی زماندا بۆ نووسین و وەرگێڕان و گێڕانەوە زمانی گەلەکەی هەڵنەبژارد، ئێمە لێرەدا لە دژوازی و تەناقوزێک تێدەگەین کە زمانی زۆرینە و دەسەڵاتی سەردەست تووشی بووە و دەبێت، ئەویش ئەوەیە کە ئەو تەنها بایەخ بە بەرهەم و کاری بوونەوەرێک دەدات بەناوی نووسەر نەک بایەخ بە کائین و مەوجوودێک بە ناوی مرۆڤ. واتە ئەم نووسەرانە لە تێڕوانینی ئەواندا سەربازی ناو دیسکۆرسێکی کولتووری و زمانین و گرینگ نییە ژین و مەرگیان چۆناوچۆن دەبێت و ئەمە ئەو حاڵەتە خۆپەرستە هیستریکە شاراوەیەی نەتەوەی سەردەستە کە هەموو کەمینەکان بە بەردەست و قەرزارباری خۆی دەزانێت. گرینگ لێرەدا بۆ ئێمە وشیارییەکە کە لە ئاست نەتەوەی بەناو سەردەست هەمانبێت، وشیاری ئەوەی کە ئێلیت و نوخبەکانمان چۆن لەناو گێژەنی کولتووری زمانی سەردەستدا هەڵبژاردنە بنەڕەتییەکانی خۆیان بکەن و گرینگترین ئەو هەڵبژاردنانەش، هەڵبژاردنی "زمان"ە بۆ نووسین و بوون و گێڕانەوە و مانەوە. ئەگەرچی بێگومان ئەم باس و بابەتانە لایەنی هەستیار و ئاڵۆزیان زۆرە و لێرەش دەرفەتی خستنەڕوویان نییە، بەڵام پرسی سەرەکی باسەکەی من ئەوەیە کە ئەو نووسەرانەی بەڕەچەڵەک کوردن، واتە لە جیهان و کولتوور و لەناو زمانی کوردیدا باڵایان کردووە و تەنانەت لە ڕێگەی زمانی کوردیشەوە زمانی دیکە (زمانی سەردەست واتە فارسی، تورکی و عەرەبی) فێر بووگن، چۆناوچۆن لەکاتی گێڕانەوە و نووسیندا لەبەردەم بژاردەکردنێکی سامناک و کوشندەدا دادەنیشن. بێگومان ئەوە شتێکی ڕوونە کە نووسەران بێ نیشتمانن هەر وەکوو کرێکاران و گرینگ نییە نووسەر بە چ زمانێک نیشتمانی مانایی و مرۆیی خۆی ڕۆدەنێت، بەڵام ئایا ئەم تێڕوانینە ئایدیالیستە بۆ کولتووری پڕ کارەسات و چەوساندنەوە و کۆڵۆنیالیستی ڕۆژهەڵاتی ناوین و لەو ناوەندەدا کوردیش، ڕەوا و دروستە؟ ئایا دەکرێ ئێمە جیهانی نووسەران لە ڕێگەی نەفسی ئەو زمانەی کە هەڵیانبژاردووە بۆ گێڕانەوە، بخەینە بەردەم ڕەخنە و پرسیارەوە؟ ئایا مەیل و ئارەزووی نووسەرانی بە ڕەچەڵەک کورد بۆ نووسین بە زمانی دیکە بابەتێکی مەعریفی و ڕۆحی بووە یان سەپاندنێکی وشیارانە و ناوشیارانەی کولتوور و زمانی باڵادەست؟ ئایا بزووتنەوەی چەپ وەکوو جیهانبینییەکی دەرەنەتەوەیی و ئەنتەرناسیونالی لە ئێران تووشی ئەم دژوازییە نەبووە و ئایا دەتوانێ خۆی لە بێلایەنی ببوێرێ؟یان وەکوو هەموو تێڕوانینەکانی ناو دیسکۆرسی باڵادەست هەڵگری ڕەگەزێکی قووڵ و ئەفسانەیی ئیمان بە ڕەگەزی خۆر و نەتەوەی زێڕینی سەردەست بووە؟... ئەم کورتە باس و پرسیارانە وەکوو بەراییەکی سادە و گشتی بوو بۆ ئەوەی باسێکی کورت و سادەی پرسیارساز لەسەر مەرگی نووسەر و مرۆڤێکی مەزنی بەڕەچەڵەک کورد بەڵام فارسینووس بکەم.



عەلی ئەشرەف دەروێشیان، نووسەری کوردی فارسینووسی کرماشانی لە ئازاری ژیان و بوون و نەخۆشی ڕزگاری بوو و ماڵاوایی لێکردین. دەروێشیان لە ڕیزی ئەو نووسەرانە دێتە ئەژمار کە خەم و ئازار و حەسرەتی چینی هەژار و بندەستی کۆمەڵگای سەردەمی خۆی گێڕایەوە هەم پێش شۆڕشی کۆماری ئیسلامی و هەم پاش ئەوەش. پێداگری و شێلگیریی دەروێشیان لە گێڕانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی و شێوەژیانی جیهانی ژینکراوی خۆی دەنگێکی جیاواز و بێ وێنەی لە کۆمەڵگای تاکخواز و فەردگەرای هەنووکەی ئێراندا بۆ گەرەنتی کرد و بەگشتی وەکوو نووسەرێکی سەر بە ئەدەبیاتی موتەعەهید ناسرا. ئەگەرچی لە پاش خۆی ڕێباز و نیگایەکی لەجیهانی پڕ لە ئاژاوە و ناهومێدی ئێستەدا بۆ ئێمە بەجێهێشت، بەڵام ئەم نووسەرەش وەکوو نووسەرانی گەورەی تری کورد: ئیبراهیمی یوونسی، یەشار کەمال (کوردی باکوور)، محەممەد قازی (وەرگێڕ) و... بە زمانی زگماکی خۆی و گەلەکەی نەینووسی، یان هەلی لەباری بۆ نەڕەخسا لەو زمانەدا بگێڕێتەوە، بەڵام هەموو تێم و ناوەڕۆکی بەرهەمەکانی دەروێشیان هەڵگری خەم و هەناسەساردی و کولەمەرگیی کۆمەڵگای کوردی بوو، سەرەڕای ئەمانەش دەروێشیان هەمیشە وەکوو کەسایەتییەکی "موعتەریز" و ناڕازی لە هەمبەر سیستەمە سیاسییەکان "لە نێوان دوو سیستەمی سیاسی کە لە تەمەنیدا بینیبووی"، مایەوە و ئەمەش هەر وەکوو تێم و ناوەڕۆکێک باڵی بەسەر تێڕوانینیدا کێشابوو. چاک بوو جەستەی لەو ئازارە ڕزگاری بوو، ڕۆحیشی لەم جیهانە پڕ نسکۆیەدا نەمایەوە. بوونی جاویدان.

# پۆستمۆدێرنیتە لە موزیکدا

ئیسماعیل ئیسماعیل زادە





پۆستمۆدێرن به قۆناغێک دەگوترێ کە دوای مۆدێرنیتە هاتووەتە ئاراوە، بەڵام لە شوێنی کامڵبوونی مۆدێرنیتەدا بێ پێگە و تێڕوانینێکی تەواو جیاوازی سەبارەت بە مۆدێرنیتە هەیە و دەلاقەیەکی نوێ بۆ هونەرمەند و بەردەنگ دەکاتەوە. لە قۆناغی مۆدێرندا کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەوە دەستپێدەکا، هونەرمەند چالاکییە هونەرییەکانی خۆی لە چوارچێوە زۆر بەرتەسکەکانی رابردوودا دیت و هەر لەبەر ئەمە بۆ دەربڕینی بیرۆکە و هەستەکانی، دەستی کرد بە هەڵوەشاندنەوەی ئەم چوارچێوە و رێگرانە، وەکو سەرهەڵدانی ئاتونالیتە لە موزیکدا کە لەلایەن شوینبێرگەوە دەستی پێکرد، یان موزیکی رێکەوت کە جان کیج لە دامەزرێنەرانیەتی. لەگەڵ بەهێزبوونی موزیکی پۆستمۆدێرن لە سەرەتاکانی دەیەی 1960، موزیکی مۆدێرن بەرەو کرچوکاڵی و لاوازیی رۆیشت. بابەتی سەرەکیی موزیکی مۆدێرن بە توخمە تەکنیکییەکانی موزیک وەکو ریتم بەرتەسک دەبووەوە، بەڵام لە موزیکی پۆستمۆدێرندا رۆڵی هونەر لە کۆمەڵگای بەرخۆر و بەرهەمهێنەری زۆردا لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێ. بەم واتایە کە موزیکی مۆدێرن تەنیا بە موزیکی جددی (کلاسیک و شتی لەم بابەتە) دەبەسترێتەوە. بەڵام لە موزیکی پۆستمۆدێرندا جیاوازیی نێوان موزیکی جددی و موزیکی پۆپ وەبەرچاو ناگیرێ. بەم هۆیە لە موزیکی پۆستمۆدێرندا دەلاقەیەکی نوێ دەکرێتەوە، ئەویش سەرهەڵدانی بەردەنگی زۆرە بۆ بەرهەمی ئاراستەکراو. هەر ئەم بابەتە بووە هۆی سازبوونی لقێکی نوێ لە موزیکی پۆستمۆدێرندا و شێوازی نوێ و پێشکەوتووتریش بۆ تۆمارکردنی موزیک رووداوی دوای پۆستمۆدێرنە. بۆ نموونە کەڵکوەرگرتن لە سینتی سایزێرەکان کە رۆژ لەگەڵ رۆژ پێشکەوتووتر دەبن. ئێدگار وارس یەکێک لە پێشەنگەکانی ئەم بوارە بوو کە بە بەکارهێنانی سینتی سایزێر تواناکانی سازە ئەلیکترۆنییەکانی خستەڕوو. لە بواری پۆپدا گرووپی بەیتلز یەکەم گرووپێک بوو بە هۆی تۆمارکارانی بە توانای دەنگ وەک ئەلێن پارسۆنز دەستی کرد بە تۆمارکردنی دەنگە چەند توێژییەکان و میکسێر. ئەلێن پارسۆنز لە ئەلبوومی نیوەی تاریکی مانگ لەگەڵ گرووپی پینک فلۆیدیشدا هاوکاریی کرد و بەهۆی ئەم ئەلبوومەوە تەکنیکەکانی تۆمارکردنی دەنگی بەوپەڕی گەشەی خۆی گەیاند. لە دەرئەنجامەکانی دیکەی موزیکی پۆستمۆدێرن لایەنگریی بەردەنگە لە چینێکی تایبەتی کۆمەڵگا کە لەگەڵ جۆری بیرکردنەوەی ئەودا دەنگونجێ، وەکو لایەنگری لە هیپیزم لە دەیەی 1970 و ئەمەش بە لقێکی موزیکی رۆک لەقەڵەم دەدرا، یان لایەنگری لە راپ کە تەنانەت دەتوانێ بۆ ماوەیەکی زۆر درێژخایەن کاریگەرییەکی زۆر لەسەر جۆری بیرکردنەوە و جۆری جل لەبەرکردنی بەردەنگەکانی خۆی دابنێ. هەر بەو جۆرەی کە گوترا لە موزیکی مۆدێرندا تەنیا خودی موزیک رەسەن بوو، بەڵام لە موزیکی پۆستمۆدێرندا هونەرمەند هەوڵ دەدا هەنگاوێکی زیاتر بنێ و رەنگە هونەرمەند بیەوێ بەردەنگەکەی بۆ نارەزایەتییەکی کۆمەڵایەتی بانگهێشت بکا، رەنگە بیەوێ ئەو لە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ئاگادار بکاتەوە، یان رەنگە کارێکی سیمبولیک ئەنجام بدا، بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە هونەرمەندانێکی نارازیی وەک تۆم یۆرک، یان جان لینۆن بکەین. لە سەردەمای مۆدێرندا موزیکی پۆپ و موزیکی زاڵ دوو بابەتی زۆر لێکجیاواز بوون و لە سەردەمی خۆگرتنی پۆستمۆدێرندا بواری ئەوە هەیە کە ئەم دووە تێکهەڵکێشرێن. لە موزیکی کلاسیکدا یەکەم شێوازی پۆستمۆدێرن مینیمالیزمە. مینیمالیزم لە یەکێک لە حاڵەتەکاندا کردەوەیەکە لە بەرامبەر موزیکی کلاسیک. یەکێک لە کردەکانی ئەم چەشنە موزیکە لایەنگرییە لە نەریتەکانی رابردووی موزیکی رۆژهەڵات بۆ خوڵقاندنی بەرهەم. تەن دوم لە بەرهەمەکانیدا شێوازەکانی تێکهەڵکێشانی موزیکی چینی و رۆژئاوایی هەڵدەسەنگێنێ. ئۆلیوێر مسیان لەسەر موزیکی سورپێستەکان و سەدەکانی ناڤین کاری کرد. لە بواری رۆکدا زۆر بەرهەممان لە گرووپی جۆراوجۆری وەک **jethro tull** یان تەنانەت **the doors** دیت کە بەرەو موزیکی رۆژهەڵاتی دەچوون. لە قۆناغی مۆدێرنیزمدا کەڵکوەرگرتن لە ماژور و مینور بە رێگر دەزانرا، بەڵام لە سەردەمی پۆستمۆدێرندا رێزی لێگیرا و هونەرمەندی پۆستمۆدێرن تا ئەو جێیەی کە هونەرمەندی مۆدێرن رێگەی پێداوە، دەتوانێ لە یاساکان و چوارچێوەکانی پێش مۆدێرنیتە کەڵک وەربگرێ. بە تێپەڕبوونی قۆناغەکان شێوازی جۆراوجۆر سەرهەڵدەدا. مرۆڤ بە گۆڕانی بارودۆخی ژیان هەستیشی دەگۆڕێت و بە تێپەڕبوونی زەمان ئەم تایبەتمەندییانەی مرۆڤ دەبنە هۆی سەرهەڵدانی شێوازەکان و قوتابخانە و تێڕوانینی نوێ لە بواری هونەردا.

# کورتەیەك سەبارەت بە موزیکی فیلم

هەورین نەجات

دەرهێنەری فیلم بۆ کەڵک وەرگرتن لە موزیک پێویستی بە هیچ جۆرە توانایەکی تەکنیکی نییە. هەروا کە ئارۆن کۆپلاند ئاماژەی بۆ کردووە، دەرهێنەرێک تەنیا لەباری دراماتیکییەوە دەبێت بزانێت کە خواستی ئەو لە موزیک چییە: ئەوە ئیتر لە ئەستۆی ئاوازدانەرە کە ئەم خواستە دراماتیکیانە بەزمانی موزیک دەرببڕێت. دەرهێنەران و ئاوازدانەران دوابەدوای بینینی نوسخەی راف کات (**Rough Cut**) دەستبەجێ ئاوازی بۆ دادەنێن و بە پێچەوانەوە هەندێ ئاوازدانەر هەن تاکۆتایی و تەواوبوونی یەکجاریی فیلمەکە ئاوازێک دانانێن. ئالفرێد هیچکۆک یەکێک لەو دەرهێنەرانە بوو کە بەر لە دروستکردنی فیلمەکەی لەسەر پرۆڤە و دانانی موزیک بۆ فیلمەکەی کاری دەکرد. لە سەدەی پێشوودا هەندێک لە هونەرمەندان هەوڵیان دا بەدروستکردنی فیلم و دانانی تیۆری تایبەت، موزیک لەناو فیلمەکاندا بەشدار نەکەن و کەڵکی لێ وەرنەگرن و تەنانەت تا رادەیەک سەرکەوتنیشیان بەدەستهێنا. بەڵام موزیک بەهۆی حەزی بینەران، کاریگەریی تایبەت و هەروەها خوڵقاندنی کەشی دراماتیک توانی خۆی وەکوو بەشێکی پێویست و حاشاهەڵنەگر لە سینەمادا پێناسە بکات و بمێنێتەوە. تۆنی تامس لە کتێبی موزیک بۆ فیلمدا دەنووسێت: کاتێک ئالفرێد هیچکۆک، خەریکی دروستکردنی فیلمی (پاپۆڕی فریاکەوتن) بوو، دەیویست بەو هۆیەی کە فیلمەکە لەنێو دەریادا دروست دەکرێت و زۆربەی بەشەکانی لە نێو ئاودا بوو، بۆ ئەم فیلمەی موزیک دانەنێت، چونکە پێیوابوو موزیک ناتوانێت بوونێکی لۆژیکی هەبێت. بەرهەمهێنەری فیلمەکە، دەیڤید راسکینی ئاوازدانەری لەم بۆچوونە ئاگادار کردەوە، راسکین لە وەڵامدا گوتی: لە مسیۆ هیچکۆک پرسیار بکەن لەنێو دەریایەکی بێ سنووردا کامێرا چۆن دەتوانێت بوونێکی لۆژیکی هەبێت؟

شتێکی نەکراوەیە ئەگەر ئێمە پێمانوابێت سێکانسی قەتڵی نێو حەمامەکە لە فیلمی (**Psycho**)ی هیچکۆکدا بەبێ بەکارهێنانی موزیکی ترسێنەری بێرنارد هێرمەن دەیتوانی وەها سێکانسێکی سەرکەوتوو و سینەمایی و سەرنجراکێش بێت. بۆ ناسینی کەسایەتی ئاڵۆزی سکارلێت ئۆهارا لە فیلمی (لەگەڵ با دا رۆیشت) موزیک رۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت و یارمەتیدەری بینەرە بۆ ناسینی هەرچی زیاتری ئەو کەسایەتییە. ئەو گەورەیی و شکۆیەی کە لە دیکۆری فیلمە هۆلیوودییەکاندا بەرچاومان دەکەوێت، بۆ وێنە لە فیلمی (بن هور) دا لەژێر کاریگەری بەرچاوی موزیکدایە و بە تایبەتی لەم فیلمەدا ئەوە موزیکە کە لە شاکارەکەی میکلۆش رۆژا دا رۆڵی بەرچاوی گێڕاوە. هەر بەو شێوەیە کە دەرهێنەرێکی گەورەی وەک ستیڤن سپیلبێرگ بۆ ترسێنەربوونی کۆسە میکانیکییەکەی خۆی لە فیلمی شەویلگەکان (**Jaws**) دا یارمەتی لە ئاوازدانەر جان ویلیامز وەردەگرێت و لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین رۆڵی بەرچاوی موزیکی فیلم لە فیلمەکاندا وا گەشە دەستێنێت، چوار ملیۆن نوسخە لە موزیکی فیلمی رۆح کە لەلایەن موریس ژارەوە ئاوازی بۆ دانراوە، دەفرۆشرێت.

بەڵام بابزانین موزیکی فیلم چییە و چۆن توانیویەتی لە فیلمەکاندا جێی خۆی بکاتەوە و بەردەوام لە گەشەکردندا بێت. چۆنە کە موزیک لە سینەمادا وەکوو کەرەسەیەکی گرینگ و ستاتیکی کەڵکی لێ وەردەگیرێت؟

بێرنارد هێرمەن لەم بارەیەوە دەڵێت: (موزیک لە سینەمادا لەو لایەنەوە گرینگە کە هەر شتێک هونەرمەندان و کادیرە فەنییەکان ناتوانن بەرهەمی بهێنن، ئەو دەتوانێت ئەم کەلێنانەیان بۆ پڕ بکاتەوە. جێری گۆڵد سمیس دەڵێت: موزیک بە تەنیا ناتوانێت ببێتە هۆی سەرکەوتنی فیلمێک و رزگاری بکات. هەندێ فیلمی باش هەبوون کە توانیویانە موزیکە لاوازەکە داپۆشن و بەسەرکەوتوو پیشانی بدەن، بەڵام بە پێچەوانەی ئەمەوە هیچ موزیکێک ناتوانێ بەتەنها فیلمێکی ناسەرکەوتوو و لاواز بەپێز بکات. ئالفرێد نیومەن پێیوایە کە: ئاوازدانەری فیلم هەر وەکوو ئەکتەر، نووسەر یا دەرهێنەر، خۆی خولقێنەرێکی هونەریی سەربەخۆیە و بە لەبەرچاوگرتنی چوارچێوەیەکی تایبەت بەرهەمەکەی دەخولقێنێت. لە بەرامبەر ئەم بۆچوونەدا، میکلۆش رۆژا دەڵێت: موزیکی فیلم بەشێکی گرینگ لە زنجیرەیەک کە بە هەوڵێکی زۆر لەلایەن هونەرمەندان و کادیرە فەنییەکانەوە بەرهەم دێت، هەرکات ئاوازدانەرێک بیەوێت خۆی لەم هاوکارییە بەکۆمەڵە جودا بکاتەوە، باشتر وایە دەست لەم کارە هەڵبگرێت.

